# دوو فاقی زاری کرمانجی..........

هەڵگورد زۆزك(تیری ئاگرین)

دێتەوە یادم،هەواڵی کردنەوەی دەزگای رۆشنبیری وراگەیاندنی زاری کرمانجی لە سۆران،هەر وەخت بوو لە خۆشیان باڵ بگرم،ئەم خۆشیە گشت رۆشنبیرانی دەڤەرەکەی گرتەوە،دەڤەرێك کەتا ئەو رۆژە دەزگایەکی رۆشنبیری بە خۆیەوە نەدیبو،دەڤەرێك کە فەرامۆش کرابوو لە رووی رۆشنبیری.

ئیدی...هەناسەی شادیمان هەڵمژی وگوتمان:ئەم جارە رۆشنبیرانی سۆرانیش دەبنە خاوەن دەزگایەکی تایبەت بە خۆیان وئازادانەوبێ ترس لەم وئەو کاری خۆیان دەکەن!

رۆژ هات ورۆژ رۆیشت،زاری کرمانجی فراوانترو چالاکتر بوو،خەڵکێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردەوە(هۆی ئەم هۆگریەی خەڵکیش،تا رادەییێك بۆ بێ لایەنانەی دەزگایەکە بوو لە بوارەکانی گواستنەوەی هەواڵ و....هتد).

بەڵام ماوەیەکە زاری کرمانجیش هەر وەکو بڵێی پێویستی بە فۆرمات هەبێت ووردە وردە خەریکە سیستەمەکەی هەڵەی تێدەکەویێت!!،ئەو هەواڵەی بیەوێت دەیکاتە چیای هەندرێن وهەندرێنیش گەر بە دڵی نەبێت،دەیکاتە گەردیلەو بزری دەکات!

رۆژی 4/27،زاری کرمانجی ئێوارە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی بۆ(د.فەرهاد پیربال)لە باخچەی دەزگایەکە سازدا،سەرەرای باران بارین وکەش وهەوای نالەبار،وەکو هەر گەنجێکی ئەم دەڤەرە خۆم گەیاندێ وکورسییێکم بۆخۆم مسۆگەر کرد(کورسیەکان بەبەردەکەوتن لەبەر حەشاماتی زۆری گەنج وقوتابی ورۆشنبیران).

پیربال دەستی پێ کردو بە خوێندنەوەی دەقە شیعریەکانی ونزیکەی دوو کاتژمێری خایاند.

بەراستی تام وچێژمان لە شیعرەکانی وەرگرتوو پاش هەر کۆپلەییێك بە چەپلەرێزان پێشوازیمان لە شیعرەکانی دەکرد.

پیربال لە یەکێك لە دەقە شیعریەکانی ئاماژەی بەوە کرد(مەسئولێك پێنج ماکەر دەهێنێت وهەژارێکیش ......)شتێکی وای گوت،دیارە خزمێکی ئەو مەسئولە لە رادیۆ گوێبیستی ئەم قسەیە بووە(چونکە راستەوخۆ لە رادیۆی زاری کرمانجی دەگوازرایەوە)یەکسەر بەچەند چەکدارییێك هێرش دەهێنێتە سەر پیربال(من ئەم هێرشکردنەم بە چاوی خۆم نەبینی،چونکە من زووتر شوێنەکەم چۆڵ کردبوو)کێشەکە گەورە دەبێت ولایەنە پەیوەندی دارەکان پێ هەڵدەستن وکۆتایی پێ دەهێنن!!.

من وزۆر لە برادەرانم چاوەرێی هەڵوێستێکی توندی زاری کرمانجی بووین،بەرامبەر ئەو هێرشکردنە بۆ سەر پیربال.

بەڵام رادیۆی زاری کرمانجی نوقەی لێوە نەهات،گوتمان دیارە خۆیان ئامادە کردووە بۆ رۆژی دووشەممە لە هەفتەنامەی زاری کرمانجی هەڵوێستیان دەبێت،بەڵام کە هەفتەنامە دەچوو سەیرمان کرد،دونیایەکی شامی شەریف!!!،لە جیاتی ئەوەی باسمان کرد،بە مانشێتی گەورە نوسیویەتی(فەرهاد پیربال کاتژمێری گەنجانی سۆرانی قورمیش کرد).

راست دەکەی زاری کرمانجی............

دیارە پێشتریش ئێوە کاتژمێرەکەی گەنجانی سۆرانتان قورمیش کردووە،گەرنا ئەو دوو فاقیەی ئێوەیان قبول نەدەکرد!!!

بۆ هەڵوێستان نەبوو بەرامبەر ئەم هێرشکردنە سەر رۆشنبیرێکی وەکو (د. پیربال)!،مەگەر ئێوە خۆتان بە پارێزەرو بەرگریکەری رۆشنبیران نازانن!!!.

بۆ چاوێکتان دەکەنە چوار چاو،هەر لە خواتان دەوێت،پۆلیسێکی هەژار یان ئاسایشێکی بەستەزمان کارێك بکات بۆ ئەوەی دونیای لێ دەنگ بدەن وهەموو خەڵك ئاگاداربکەنەوە!!!! یاخود مەلاییێك لە سەر مینبەر گەر باسی شتێکی کرد بەدڵی ئێوە نەبێت،یان گەر هەڵوێستێك وەربگرن بەرامبەر کارێکی ناشیاوی رۆشنبیرێك،ئەوە دونیا تێدەگەیین ولاپەرییێکی هەفتەنامەکەتانی پێ پردەکەنەوە!!!..

بەڵام نەتانتوانی یەك نوقەش بکەن بەرامبەر ئەم مەسئولە.....!!.

ئاخر گەر کار وا بروات ئەوە ئەوخەڵکە داماوەی هیوای بە بێ لایەنی و ویژدانی ئێوە هەبوو،لێتان دوور دەکەونەوەو ئێوەش پێگەی خۆتان لە دەست دەدەن(گەر پێگەو متمانەتان مابێت!).

**هەموو کەسێك دەتوانێت بەرەنگاری مرۆڤی بێ هێزبێتەوە،بەڵام گرنگ ئەوەیە بتوانن بەرامبەر کارێکی ناشیاوی بە هێزێکـدا بڵێن:نـــــا،کارەکەت هەڵەیە**!!.

**هەوڵ بدەن متمانەتان لەدەست نەدەن**!!،**دووفاقی بـەکار مەهێنن**،**گـەرنا تـەنها نـاوێکی گـەورەو نـاواخنێکی بـەتاڵتان بـۆ دەمێنێتەوە**!.

Azeen_2003@yahoo.com